ژوری توێژینەوەی سیاسی

بزوتنەوەی گۆڕان

# جیۆپۆلەتیکی شەنگال

## لەنێوان ململانێ جیاوازەکاندا

ئا: هونەر حاجی جاسم



ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان

Tel: 009647481505010

Email: research.gorran@gmail.com

حوزەیرانی ٢٠١٧

# جیۆپۆلەتیکی شەنگال
# لە نێوان ململانێ جیاوازەکاندا


ئامادەکردنی
هونەر حاجی جاسم

ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان
Tel: 009647481505010
Email: research.gorran@gmail.com

حوزەیرانی ٢٠١٧

## پێڕست


دەستپێك ........ ٢
ناساندنی چەمکەکان ........ ٣
یەکەم: جیۆپۆلەتیك ........ ٣
دووەم: شەنگال ........ ٥
گرنگی جیۆپۆلەتیکی شەنگال ........ ٧
یەکەم: گرنگی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان "PDK" ........ ٨
دووەم: گرنگی بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان "PKK" ........ ٩
سێیەم: گرنگی بۆ لایەنەکانی تری هەرێم ........ ١٠
چوارەم: گرنگی بۆ کۆماری تورکیا ........ ١١
پێنجەم: گرنگی شەنگال بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران ........ ١٣
شەشەم: گرنگی "شەنگال" لە ئاستی نێودەوڵەتی ........ ١٤
ململانێکان لەسەر شنگال ........ ١٥
یەکەم: ململانێی لەنێوان "پارتی و پەکەکە" ........ ١٥
دووەم: ململانێی "هەرێم" و حکومەتی ناوەند ........ ١٨
سیناریۆ و ململانێکان لەسەر "شەنگالی" پاش داعش ........ ١٩
سیناریۆی یەکەم: لە نێوان پارتی و پەکەکە ........ ١٩
سیناریۆی دووەم: لەنێوان دەوڵەتە هەرێمیەکان ........ ٢٠
سیناریۆی سێیەم: لەنێوان "هەرێمی کوردستان" و بەغدا ........ ٢١
دەرەنجامەکان ........ ٢٢
ڕاسپاردەکان ........ ٢٤
سەرچاوەکان ........ ٢٦

**دەستپێك**

بەدرێژای مێژوو لەپاڵ هەموو ئەو كارەساتە مرۆییانەی دوچاری هاونیشتیمانیانی بەشی باشوری كوردستان هاتوە لەلایەن دەوڵەتە داگیركەرەكانەوە، زۆرجار پشكی گەورە لەم كارەساتانە بەر ئێزدیەكان كەوتووە، هەر ئەمەش هۆكاربووە بۆ ئەوەی كە لە ماوەی ٥٠٠ ساڵی ڕابردودا، چەند جارێک ئێزدییەكان و ئەو ناوچە جوگرافیایەی كە بە دەڤەری شەنگاڵ ناسراوە روبەڕوی شاڵاوی داگیركاری و كوشتنی بەكۆمەڵی داگیركران بێتەوە.

دوای دروستبونی داعش و دەستبەسەر داگرتنی بەشێك لەو جوگرافیایەی باكور و ڕۆژئاوای عێراق لە مانگی تەموزی ساڵی ٢٠١٤، هەروەها كۆنترۆلكردنی قەزای شەنگاڵ لەسەرەتای مانگی ئابی هەمان ساڵ جیۆپۆلەتیكی شەنگاڵ وەك فاكتەرێكی جوگرافی ڕاستەوخۆ كاریگەری دروست كرد لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی International political.

دوای ئەم ڕوداوەش بەسەر ئێزدیەكانی شەنگاڵ هات جیۆپۆڵەتیكی شەنگاڵ پێی نایە قۆناغێكی نوێی ململانێی جیاوازی جیۆپۆلەتیكی لە باشووری كوردستان و عێراق و ناوچەكە، چونكە دوای كۆنترۆلكردنەوەی شەنگاڵ لە لایەن هێزەكانی پێشمەرگەو هێزەكانی سەر بە پارتی كرێكارانی كوردستان. جیۆپۆلەتیكی شەنگاڵ بە فۆڕمێكی نوێ لە ململانێیەكان دەركەوت. بە تایبەت لە نێوان پارتی و دیموكراتی كوردستان و یەكەكە لە لایەك و عێراق و توركیا لە لایەكی ترەوە، پارتی كرێكارانی كوردستان و توركیاش لە لایەكی دیكەوە.

لێرەدا هەوڵ دەدەین یەكێك لە ئامانجە سەرەكیەكانی ئەم لێكۆڵینەوە بریتی بێت لە دەست نیشانكردنی ململانێكان لە نێوان لایەنە جیاوازەكاندا. ئایا دوای كۆتایی هاتنی داعش لە عێراق بەشێوەیێكی گشتی، گرنگی جیۆپۆلەتیكی شەنگاڵ بۆ لایەنە كوردییەكان و دەوڵەتی عێراق و دەوڵەتە هەرێمییەكان چیە؟. ئایا ململانێی هێزەكوردییەكان لەسەر شەنگاڵ بەكوێ دەگات؟. ئایا سیناریۆ و ململانێكان چی دەبن لەسەر شەنگاڵ لە دوای كۆتای هاتنی داعش؟. ئایا دوای داعش ململانێكان لەسەر شەنگاڵ چی بۆ هەرێمی كوردستان دێنێتە بوون، كام لایەنی كوردی براوەی ئەم ململانێیە دەبێت لەسەر ئاستی جیۆپۆلەتیكی شەنگاڵ؟.

**ناساندنی چەمکەکان**

لەم باسەدا پێویستە چەمك و زاراوەکان بە تەواوی بناسێنین، کە چ پەیوەندیان بە ناونیشانی بابەتەکەوە هەیە، ئەویش بریتیە لە "جیۆپۆلەتیکی شەنگال لە نێوان ململانێی جیاوازدا؟". هەروەها ناساندن و شیکردنەوەی چەمکەکان لەم لێکۆڵینەوەدا پێویستە، چونکە ناساندنی چەمکەکان بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی فاکتەرێك دەبێت بۆ تێگەیشتنی تەواوی کرۆکی خودی لێکۆلینەوەکەش.

**یەکەم: جیۆپۆلەتیك**

بەشێکی هەرە زۆری گرنگی ستراتیژی جیۆپۆلەتیك وێنەو هێلکاری کێشانە بۆ دەوڵەت و هەرێمەکان و ناوچە ستراتیژیەکان و داهاتوی سیاسی و سەربازیان، هەروەها لەژێر ڕۆشنایی ئەو نەخشە کێشانە سیاسەتێك بۆ دەوڵەت و هەرێمەکان دیاری دەکرێت.[١] هاوکات جیۆپۆلەتیك کاریگەری زۆر دادەنێت لەسەر پێگەی دەوڵەت یان بە مانایەکی تر توانای جیۆپۆلەتیك یەکسانە بە توانا و هێزی هەرێم و دەوڵەتان.[٢]

یەکەمین کەس لە مێژووی مرۆڤایەتی زاراوەی جیۆپۆڵەتیکی بەکارهێنا ڕۆدلف کیلێنی Ruodolf Kyllen سویدی بوو، لە پەرتوکی Staten Som Lirsfor دەوڵەت ژیندارێکە The State as an Organism، کە لە سالی ١٩١٦ بلاوی کردوە.[٢] دواتر ئەم چەمکە لە کیشوەری ئەورووپادا بووە یەکێك لە سیمبولی بەها نەتەوەییەکان بۆ پەرەپێدان بە بەها نەتەوەییەکان. لەچوارچێوەی گرنگی بنەما جیۆپۆڵەتیکیەکان بۆ خزمەتی نەتەوەکان.

ئەگەر وردبینەوە لە پەرەسەندنی چەمکی جیۆپۆلەتیك، ئەوا مێژوەکەی دەگەرێتەوە بۆ سەردەمانێکی زوو. بەڵام ئەوکات ڕاست بەڕوونی بنچینەی چەمکی جیۆپۆلەتیك نەبووە ئەرزی واقیع وەکو ئێستا پابەند بێت بە وەچەرخانە سیاسی و سەربازی و ئابوری و لاینەکانی تری پەیوەندیدار بە گەشە و گەشەنەکردنی سەرچاوە مرۆییەکان و هاتنە ئارای هاوکێشەی نوێ لە وەچەرخانی ژیانی سیاسی هەرێم و دەوڵەتان.

دوای فراوانخوازیەکانی داعش لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٦ نەخشەی جیۆپۆلەتیکی جوگرافیای سوریاو عێراق بەشێوەیەکی گشتی گۆڕانی بەسەر داهات، وە بەشێوەیەکی تایبەتیش ناوچە کوردستانیە کێشە لەسەرەکان. هەروەها وەچەرخانی نوێی جیۆپۆلەتیکی هاتنە کایەوە.

---

١. پرۆفیسۆر دکتۆر ئازاد محەمەد ئەمین نەقشەبەندی، جیۆپۆلەتیکس و تیۆری شاول کوهین، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە ٢، ساڵی یەکەم، ئەیلولی سالی ١٩٩٧، ١٥.

٢. ڕێباز محمد محمود، جیۆپۆلەتیکی خۆرهەلاتی ناوەڕاست، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، سالی ٢٠١٢، ل٩.

هاوکات لەگەڵ گەشەکردنی چەمکی جیۆپۆلەتیکیش چەندین پێناسە و خوێندنەوەی جیاواز بۆ ئەم چەمکە کران. لە لایەن بیرمەندان و سیاسەتمەدەران لەسەر ئاستی ڕوخساری زەوی. لێرەدا هەوڵ دەدەین هەندێك لەم پێناسانە بخەینەڕوو.

بۆ نمونە لە ڕوانگەی ئینسکلۆپیدیای بەریتانی Encyclopedia Britannica جیۆپۆلەتیك بریتیە لە شیکردنەوەی ئەو هۆکارە جوگرافیانەی، کە کاریگەری بەهێزیان هەیە لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی.(٣)

هەروەها بە بڕوای نیکۆلاس سپایکمان جیۆپۆلەتیك بریتیە لە دانانی نەخشەی سیاسی Political Map و ئاسایش بۆ دەوڵەت لە چوارچێوەی هۆکارە جوگرافیەکان. بە بڕوای جوگرافی ناسی ئەمریکی ویگریت Weigert جیۆپۆلەتیك بریتیە لە بەکارهێنانی بنەما و پرۆگرامەکانی جوگرافیا لە مەجالی هێزدا. (٤)

بە بۆچونی "سپیکمانیش Spykman" جیۆپۆلەتیك هەوڵ دەدات ئاسایش بە ڕەچاوکردنی فاکتەرە جوگرافیەکان Geographic Factor مسۆگەر بکات.(٥)

بۆچونی سپیکمان زۆر نزیك و تێکەڵکێشە لە کاریگەری بنەما و توخمەکانی جیۆپۆلەتیك، کە چەند کاریگەریان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی هەیە، چونکە فاکتەرە جوگرافیەکان هاوپۆلن لەگەڵ بنەما و توخمە جیۆپۆلەتیکیەکان.

دەتوانین بڵێین، کە بەبێ بونی بنەما جیۆپۆلەتیکیەکان ئاسایشی نەتەوەیی ئەستەمە مسۆگەر بێت، چونکە ئەم بنەمایانە دەبنە فاکتەرێکی سەرەکی بۆ پارێزگاری کردن لە هەڕەشە دەرەکی و ناوخۆییەکان، کە ئەمانەش زەمانەتی بنەمای ئاسایشی نەتەوەیین.

---

**3 . Merje Kuus, The Ashgate Research Companion to Critical Geopolitics, p 192, on the website:**
https://books.google.com.pg/books?id=fnPeCwAAQBAJ&pg=PA192&lpg=PA192&dq
**4 .Marc Andre Matten, Imagining a Postnational World: Hegemony and Space in Modern China, p 18, on the website:**
https://books.google.com.pg/books?id=HNY6DQAAQBAJ&pg=PA18&lpg=PA18&dq=weigert+definition+geopolitics&source=bl&ots=kSYWGUO0IM&sig=4GPXaWyTNIjihXcsBWIG2hwyspk&hl=en&sa=X&ved=0ahUKEwjNqMiT6PXPAhVYFMAKHRN_DL0Q6AEIITAC#v=onepage&q=weigert%20definition%20geopolitics&f=fal
**5 . Michael P. Gerace , Between Mackinder and Spykman: Geopolitics, containment, and after, journal Comparative Strategy , 24 Sep 2007, p 347, on the website:**
http://www.tandfonline.com/doi/abs/10.1080/01495939108402855?journalCode=ucst20

**دووەم: شەنگال**

شوێنی جوگرافی شەنگال سەبارەت بە عێراق دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای عێراقەوە. هەروەها بەگوێرەی جوگرافیای هەرێمی کوردستان قەزای شەنگال لەڕوی جوگرافیەوە دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای هەرێمی کوردستان. لە ڕوی ئیداریەوە سەر بە پارێزگای موسڵە.(٦)

لە ٢٠١٤/٨/٣دا داعش بەبێ شەڕو تەقە دەستیان بەسەر تەواوی ئەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستاندا گرت کە لە چوارچێوەی مادەی ١٤٠دا بوون، ڕووبەرەکەی نزیک بەشێکی گەروەی جوگرافیای باشوری کوردستانە کە دەیان شار و شارۆچکە و گوند لەخۆ دەگرێت. بەشێک لەو شار و شارۆچکانە بریتین لە "شەنگال، تەلەعفەر، کەسک، تلکێف، قۆش، حەمدانیە، باشیک، بەحزانی، بەرتەلە، خازر، قەرەقۆش، نەمرود، مەخمور، گوێر ،...هتد "کە لە نەخشەی ژمارە (١) دا  بە ڕەنگی شین دیاری کراون.(٧) شەنگال ١٢٠ کم دووەرە لە چەقی شاری موسڵ. هەروەها شوێنی شەنگال لەڕووی ئەسترۆنۆمیەوە دەکەوێت $36^{o}22''N\ 41^{o}\ 4319''E$. ژمارەی دانیشتوانی قەزای شەنگال لەساڵی ٢٠١٣ بریتی بووە لە ٨٨٠٢٣ هەزار کەس.

**نەخشەی ژمارە (١) سنووری جوگرافی قەزای شەنگال**




٦. سنجار (شنگال) خلال نصف قرن .. دراسة وثائقية عن سياسة التعريب والتطهير العرقي في قضاء سنجار (١٩٤٧ - ٢٠٠٢)م، http://cabinet.gov.krd/a/d.aspx?a=8682&l=14

٧. جەلال چوارتایی، بۆچی شەنگال ؟، ٢٠١٥/٣/١٠، لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی:

http://birkrdnawa.com/Article-4206

شەنگال لە چەند قۆناغێکی مێژوویی جیاوازدا، توشی کارەساتی لەم شێوەی بووەتەوە کە بەسەریداهات. لە ٣ ئابی ٢٠١٤، کە تێیدا چەندین خەڵکی ئێزیدی بونە قوربانی و کچەکانیشان کرانە سەبایەو نێردران بۆ موسڵ و سوریا. بەپێی ئامار و زانیارییەکان تا ئێستا ژمارەی قوربانیەکان و ستەم لێکراوەکان لە پەلامارو شاڵاوەکانی داعش دە هەزار خێزانن.[٨]

هەروەها تا ئێستا ئەوەش پشت ڕاستکراوەتەوە، کە لەچوارچێوەی ئەنجامدانی تاوانەکەدا، تا ئێستا ناوی ١٥٠٦ کەس کە کۆمەڵکوژ کراون و شەهید کراون، ٢٠٤٣ کەسیش لە ژن و منداڵ و پیاو ڕفێنراون و بێ سەرو شوێنکراون، ٣٠٨٨ کەسیش لە هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ، منداڵ و پیرو گەنج گەڕاونەتەوە یان ڕزگارکراون. واتا کۆی گشتی ٦٦٢٧ بوون بە قوربانی یان کۆمەڵکوژکراون یان ڕفێندراون و بێسەرو شوێنن.[٩]

شەنگال لە مانگی ١١ی ساڵی ٢٠١٥ لەلایەن ٩٠٠٠ چەکدارەوە ئازادکرا، کە پێك هاتبون لە ٧٥٠٠ پێشمەرگە و ١٥٠٠ گەریلا بە پاڵپشتی هێزی ئاسمانی هاوپەیمانان. ئازادکردنی خەڵکی شەنگال بەچەند قۆناغێکی جیاواز لە لایان هێزە کوردیەکانەوە ئەنجامدرا. بڕوانە نەخشەی ژمارە(٢).[١٠]

**نەخشەی ژمارە(٢) ئازادکردنی شەنگالیەکان لە دەستی داعش**




---

٨. فەرید ئەسەسەرد، ئێزدییەکان پاش تێکشکاندنی داعش و ئازادکردنی موسڵ، لەسەر پیگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.nrttv.com/birura-details.aspx?Jimare=5062

٩. تەها سلێمان، تازەترین ئاماری جینۆسایدی شەنگال و ئێزدییەکان، ٢٠١٧/١/١٥، لەسەر پێگەی ئەلیکیرۆنی:
http://www.knwe.org/Direje.aspx?Jimare=51088&Cor=2&Besh=Witar

١٠. بۆ زانیاری زیاتر تەماشای ئەم لینکەی شیکاری ئازادکردنەوەی شەنگال بکەن، لەسەر پیگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.youtube.com/watch?v=aHbC8gI3-J4

## گرنگی جیۆپۆلەتیکی شەنگال

بەهۆی گرنگی پێگەی جیۆستراتیژی و جیۆپۆلەتیکی شەنگال لە ئاستی نێوخۆی هەرێم و عێراق و ناوچەکە، هەروەها ئاستی نێودەوڵەتیش ڕۆژ بە ڕۆژ لە جۆری ململانێکان زیاتر نزیك دەبێتەوە لەنێوان لایەنە کوردیەکان و هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان.

ئەمەش وایکردوە کە سات لەدوای سات لە ئەنجامی ڕودانی لێکەوتە سیاسیەکانی ناوچەکە، گرنگی جیۆپۆلەتیکی شەنگال زیاتر دەربکەوێت بۆ لایەنە جیاوازەکان. بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدەین کە گرنگی جیۆپۆلەتیکی "دەڤەری شەنگال" بۆ هەموو لایەنە کوردیەکان و دەوڵەتانی هەرێمی، لە ئاستی نێوخۆی هێزە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان ڕوون بکەینەوە.

دوای دەستبەسەرداگرتنی "موسڵ" لە لایەن داعش، لە ١٠ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤، کۆنترۆلکردنی سەنتەری قەزای شەنگال لە ٣ی ئابی هەمان ساڵداو ئەنجامدانی تاوانی جینۆسایدکردن دژ بە خەلکی شەنگال. دوای ئەم کارەساتە مرۆییە، شەنگال وەك فاکتەرێکی جوگرافی ڕەنگدانەوەی گەورەی دروستکرد لە ناوەندە نێونەتەوەیەکان و ئاستی کۆمەڵگای نێودەولەتی.

بە تایبەت دوای ئەوەی پارتی بەرگری نەکرد لە شەنگال، ئەم ناوچەیەی جێهێشت بالانسی هێز گۆڕانی بەسەر داهات لە دەوربەری دەشتی نەینەوا. هەر ئەمەش وایکرد هێزێکی تر ئەم بۆشایە سەربازی و ئەمنییەی پارتی لەم جوگرافیایەدا پڕبکاتەوە. ئەم پڕکردنەوەیەش لە لایەنی سەربازی وای لە جیۆپۆلەتیکی دەڤەری شەنگال کرد، وەك فاکتەرێکی نێوخۆی و هەرێمی و نێودەوڵەتی گرنگییەکی تر پەیدا بکات.[١١]

هەروەها ڕودانی شەڕی ٣ی ئاداری ٢٠١٧ لە نێوان "یەبەشە" نزیك لە پارتی کرێکارانی کوردستان PKK و "پێشمەرگەی ڕۆژ" (پێشمەرگەی ڕۆژئاوا) نزیك لە پارتی دیموکراتی کوردستان PDK. لە ناحیەی سنونێی سەر بە قەزای شەنگال ڕویدا.[١٢] گرنگی جیۆپۆلەتیکی شەنگال هەم بۆ لایەنە کوردیەکانی کاریگەر لە باشووری کوردستان، و هەمیش بۆ هێزە هەرێمییەکان وەك کۆماری تورکیا و کۆماری ئیسلامی ئێران گرنگی جیۆستراتیژی ئەم ناوچەیە زیاتر ڕوون بویەوە.

---

11. **Bram Janssen** and **Susannah George, Kurdish forces just cut off one of ISIS' most important supply routes, Associated Press, Nov. 12, 2015, on the website:**
http://www.businessinsider.com/kurdish-forces-cut-off-important-isis-sinjar-supply-route-2015-11

١٢. شەڕ لە نێوان یەبەشە و هێزی پێشمەرگەی ڕۆژئاوا ڕوویدا، لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.nrttv.com/Details.aspx?Jimare=64051

## یەکەم: گرنگی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان "PDK"

دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە نیسانی ۲۰۰۳ و کۆنترۆڵکردنی شەنگال لەلایەن "هێزی پێشمەرگە". قەزای شەنگال بە تەواوی کەوتە دەست هەژمونی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق. ئەم لێکەوتەیەش بۆ پارتی گرنگی زۆری سیاسی و سەربازی بۆ ئەم هێزە پەیداکرد.

لە بنیاتنانی نفوزی سیاسی بەرامبەر بەو کاتەی یەکێتی، کە تاکە ڕکابەری بوو لە گۆڕەپانی هەرێم.[١٣] دوای دامەزارندنی حکومەتی کاتی لە عێراق لە ساڵی ۲۰۰٤ و دامەزراندنی خەلکی کورد لە ناوچە کوردستانیە کیشە لەسەرەکان. پارتی هەر زوو توانی بە تەواوی کۆنترۆلی بەشێکی زۆری "ناوچە کوردستانیە کێشە لەسەرەکان" لە پارێزگای موسل بکات. بە تایبەت ئیدارەی جوگرافیای قەزای شەنگال، کە ناوچەیەکی گرنگی قولایی ستراتیژی بۆ پارتی دروستکرد لە ئاستی هەرێم و عێراقدا.

بەڵام پرسیارە گرنگەکە لێرەدایە کە ئایا گرنگی "شەنگال" بۆ پارتی چیە؟ ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارە بەشێوەیەکی واقیعی سیاسی و جیۆپۆلەتیکی ئێستای ململانێکان لەسەر شەنگال وەڵام بدەینەوە. دەبینین کە پێگەی جیۆپۆلەتیکی شەنگال بۆ پارتی گرنگی تایبەتی خۆی هەیە.

هەر ئەمەش وایکردوە کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ داوای چونە دەرەوەی "PKK" دەکات لەم ناوچەیە. شەنگال لە چەند ڕوویەکەوە بۆ پارتی گرنگە. گرنگی یەکەم؛ بریتیە لە نفوزی دەنگەکانی پارتی، بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، چونکە لە هەڵبژاردنەکانی ماوەی ڕابردوو پارتی زۆرینەی دەنگەکانی ئەم قەزایەی بەدەست هێناوە.[١٤]

بەڵام دوای ئەو کارەساتەی بەسەر شەنگال داهات لە ۳ ئابی ساڵی ۲۰۱٤ پارتی توشی نارەزای گەورە بویەوە. گرنگی دووەمی شەنگال بۆ پارتی بریتیە لە هاوسنووری ئەم قەزایە لەگەڵ پارێزگای دهۆك کە بەگەورەترین نفوزی سیاسی و قولایی ستراتیژی پارتی دادەنرێت لە باشووری کوردستان.

گرنگی سێیەم شەنگال بۆ پارتی بریتیە لە ڕۆلی پارتی لە داهاتووی پارێزگای موسل یان "دەشتی موسل"، وە ڕازیکردنی دەولەتی تورکیا، کە ئەم گرنگیە یەکێکە لە خالە هەر گرینگەکانی شەنگال بۆ پارتی، چونکە تورکیا چەندین جار هەڕەشەی کردوە لە بەرامبەر

---

13 . Battle to recapture Shengal (Sinjar) has started – Jonathan Krohn, 18 December 2014, on the website: http://www.kurdishinstitute.be/battle-to-recapture-shengal-sinjar-has-started-jonathan-krohn/

١٤. سەیری لینکی ئەم ڤیدیۆیە بکەن. ئێزیدخان : شەنگال موڵکی بارزانی و پارتی نییە:

https://www.youtube.com/watch?v=AoEN795G_uE

دروستبونی قەندیلی دووەم لە چیای شەنگال. لە کۆتایی سالی ٢٠١٦ چەند جارێك بەرپرسە بالاکانی پارتی بە ئاشکرایی داوای چونە دەروەی "PKK" یان کرد لە شەنگال.

ئەم لێداونانەش گرنگی ئێستای قەزای شەنگال بۆ پارتی زیاتر دەرخست، چونکە پارتی مانەوەی "PKK" یان بە گەرەوترین مەترسی هەژمار دەکات بۆسەر پێگەی خۆی. بۆیە دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە پێگەی جیۆپۆلەتیکی شەنگال گرنگی زۆری هەیە بۆ بە هێز مانەوەی پارتی لە باشووری کوردستان و پێگەی جیۆستراتیژی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق.

**دووەم: گرنگی بۆ پارتی کرێارانی کوردستان "PKK"**

لەگەڵ دامەزراندنی "پەکەکە" لەساڵی ١٩٧٨، ڕاگەیاندنی شەڕی چەکداری دژی بە کۆماری تورکیا لە ساڵی ١٩٨٤، کوێستانەکانی "باشووری کوردستان" بووە نزیکترین هاوڕێ و دۆستی گرنگی ئەم هێزە. بەدرێژایی ٣٠ ساڵ. بەڵام دوای هێرشەکانی داعش بۆسەر سنورەکانی هەرێمی کوردستان بە درێژایی ١٠٠٠کم زیاتر "پارتی کرێکارانی کوردستان" لە بەشێك لە میحوەرەکانی شەڕدا شان بەشانی "هێزی پێشمەرگە" ڕووبەڕووی داعش بوویەوە. ئەم ڕوبەڕووبونەوەیەش وایکرد کە پەکەکە ببێتە خاوەن نفوزی گەورە لە ناوچە کوردستانیە کێشە لەسەرەکان لە چوارچێوەی مادەی ١٤٠ی دەستوری عێراق. دوای ئاوارەبون و ئەنجامدانی تاوانی جینۆسایدکردن کە بەسەر شەنگالیەکاندا هات لەسەرەتای ئابی ٢٠١٤ "پەکەکە" یەك لایەنە دەستی بە جموجۆلی سەربازی کرد لە دەووبەری "شەنگال" بە تایبەتیش لە چیای شەنگال.

هەوکات دەستی کرد بە دروستکردنی هێلێکی بەرگری بۆ ئاوارە "ئێزیدیەکانی چیای شەنگال". پەکەکە لە ڕێگای دروستکردنی فشاری سەربازی بۆ سەر داعش لە شەنگال ئەو فشارانەشی کەم کردوە کە لەسەر "ڕۆژئاوای کوردستان" هەبوون. جیۆپۆلەتیکی شەنگال بووە خالێکی بەهێزی "جیۆپۆلەتیکی باشوری کوردستان" لە دروستکردنی ململانێ لە نێوان "PKK و PDK" لە لایەك، هێزە هەرێمیەکان لە لایەکی ترەوە. سەرەرای ئەو گرنگیانەی پێشوو تر شەنگال دوای ئازادبوونی لەدەست داعش گرنگی زۆری بۆ پەکەکە پەیداکرد. یەکێك لەم گرنگیانەی شەنگال بۆ پەکەکە بریتیە لە پارێزگاریکردنی سنورەکانی ڕۆژئاوای کوردستان.(١٥) هەروەها دوای "جینۆسایدی ئێزیدیەکان" پەکەکە توانی نفوزێکی سیاسی و سەربازی و جوگرافی و سەربازی لە باشوری کوردستان دروست بکات. ئەم نفوزەش کاریگەری ڕاستەوخۆی دروست کرد بۆ پاراستنی قوڵایی ستراتیژی رۆژئاوای کوردستان. یەکێکی تر بریتیە لەکەمکردنەوەی فشارە سەربازیەکانی تورکیا بۆ سەر قەندیل. هەروەها

---

**15. Why the PKK is so interested in Mosul, on the website:**
http://www.al-monitor.com/pulse/originals/2016/04/turkey-iraq-syria-pkk-interest-in-mosul.html#ixzz4XW43UZu3

دروستکردنی هێزێکی تایبەت بە شەنگالیەکان کە ئەمەش پەکەکە لەڕووی سەربازیەوە بەهێزتر کردوە لە جوگرافیای باشوری کوردستاندا.[١٦]

**سێیەم: گرنگی بۆ لایەنەکانی تری هەرێم**

لەدوای کۆنترۆڵکردنەوەی شەنگال لەلایەن داعش لە ٣ی ئابی ٢٠١٤ جیۆپۆلەتیکی شەنگال تەنها بۆ یەک لایەنی هەرێمی کوردستان گرنگی خۆی نیە بەڵکو بۆ بەشێکی زۆری لایەنەکانی تری هەرێم گرنگی خۆی هەیە. بەهۆی پێکهاتەی ئیتنیکی و ئاینی و جوگرافیای سیاسی ئەم دەڤەرە. هەروەها لە نفوزی دەنگیشدا شەنگال دابەشبووە بەسەر ئینتیمای سیاسی جیاواز. بۆیە شەنگال بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕانیش گرنگی خۆی هەیە. لێرەدا هەوڵ دەدەین لایەنە گرنگەکانی شەنگال بۆ هەر یەک لە یەکێتی و بزوتنەوەی گۆڕانی دەستنیشان بکەین. یەکەم گرنگی جیۆپۆلەتیکی شەنگال بۆ یەکێتی: لە دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە ساڵی ١٩٧٦ بە ڕابەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئێزیدییەکان لەو مەفرەزە سەرەتاییانە بەشدار بوون کە لە قامیشلۆوە بۆ بادینان دەنێردرانەوە، هەروەك یەکێ لە گەورەترین هەرێمەکانی هێزی پێشمەرگە کە هەرێمی بادینانە، بە فەرماندەیی حسێن بابە شێخ ئێزدی بووە.[١٧]

ئەم گرنگیە مێژوویی و سیاسییەی شەنگال وایکردوە گرنگی خۆی بۆ یەکێتی هەبێت. لە لایەکی تریشەوە لەدوای ئازادی عێراق "یەکێتی" نفوزی خۆی لەم ناوچەیە هەبووە لە هەبوونی یەکەی سەربازی و سیاسی. هەروەها دوای کەوتنی شەنگالیش لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠١٤، یەکێتی کەوتەخۆ بۆ دروستکردنی هێزی تایبەت بەخۆی، جگە لەو هێزەی کە لە چوارچێوەی مەڵبەندی موسل هەیبون. گرنگی شەنگال بۆ یەکێتی خۆی دەبینێتەوە لە هەبوونی نفوزی سیاسی و سەربازی لەم دەڤەرە، کە هاوسنوورە لەگەڵ جوگرافیای ڕۆژئاوای کوردستان. گرنگی ئەم ناوچەیە بۆ بزوتنەوەی گۆڕان وەك باقی ناوچەکانی تری ناوچە کوردستانیە کێشە لەسەرەکان، لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی تایبەتەوە تەماشای ناکرێت. بەڵکو بڕوای وایە، دەبێت باشترین خزمەت بە خەڵکی ئەم ناوچانە بکرێت وەك ناوچەکانی تر. یەکێك لە گرنگیەکانی تری شەنگال بۆ گۆڕان ئەوەیە کە بە بەرژەوەندی تایبەتی تەماشای ئەم ناوچانە نەکرێت، وەك ئەو سیاسەتەی کە پارتی و یەکێتی لەم ناوچەیەدا پیادەیان کردوە، لە جیاتی بەرژەوەندی گشتی ئەوان بەرژەوەندی سیاسی و سەربازی و حیزبی و تاکەکەسی تەماشای ئەم ناوچانە دەکەن. بە بڕوای گۆڕان یەکێك لە زەمانەتە گرنگیەکانی پاراستنی جیۆپۆلەتیکی ناوچە کوردستانیە کێشە لەسەرەکان بەشێوەیێکی گشتی، شەنگالیش

---

١٦. مەهەدی خالید خەمبار شەنگال وکۆبانێ و کەرکوک و مێژویوکی نوێ، ١١ شوباتی ساڵی ٢٠١٥، لەسەر پیگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.hawpshti.com/ku/?p=4341

١٧. فەرید ئەسەسەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی
http://www.nrttv.com/birura-details.aspx?Jimare=5062

بەشێوەیێکی تایبەتی بریتیە لە بنیات نانی سوپایەکی نیشتمانی National Army لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگە بۆ ئەوەی هەم رێگری بکات ململانێ ناوخۆیەکان، هەمیش رێگری بکات لە هێرشە دەرکییەکان.

**چوارەم: گرنگی بۆ کۆماری تورکیا**

بەهۆی پێگەی جوگرافی شەنگال لە باکوری رۆژئاوای عێراق، هاوسنور لەگەڵ رۆژئاوای کوردستان و باکووری سوریا وایکردووە شەنگال گرنگیەکی جیۆپۆلەتیکی هەرێمی هەبێت بۆ وڵاتە هەرێمیەکان، چونکە دوای کشانەوەی دەوڵەتی عوسمانی بەبێ تەقە لە بەشی زۆری لیوای موسلی جاران.

لە سالی ١٩١٧ بە دواوە، تورکەکان بە درێژایی سەد ساڵی ڕابردوو بە چەندین شێوە داوای ئەم ڕووبەرە جوگرافیانەیان کردۆتەوە، کە هەندێك جاریش بە بەشێک لە موڵکی خۆیان دەزانن بە هۆکاری جیاوازی وەك مێژوویی و ئیتنیکی و ئاینی و نەتەوەییەوە.

بیرۆکەی بنیاتنانەوەی دەوڵەتی عوسمانی و پەڵهاویشتنی تورك بۆ دەرەوەی سنوری خۆی لەسەر دەستی ئەکەپە و هەروەها دوای ئەوەی ڕژێمی سەدام لە نیسانی ٢٠٠٣ ڕوخا. بۆشایی ئەمنی و سیاسی لەم وڵاتەدا دروستبوو بە تایبەت دوای ئەوەی لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ عێراق ڕوبەڕووی ناسەقامگیری نێوخۆیی بویەوە، ئەمەش بۆشاییەکی ئەمنی و سیاسی لەم وڵاتەدا و بە تایبەت لە جوگرافیایی سونە و لەلایەکی تریشەوە ڕێککەوتننامەی نەوتی پارتی بە ناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا ئەنجامیدا لەساڵی ٢٠١٣ بۆ ماوەی پەنجا ساڵ. ڕێگەی بۆ دەستێوەردانی تورکەکان دەستبەر کرد. (١٨)

ئەمانە بوونە فاکتەری سەرەکی بۆ ژیانەوەی خەونە مێژوویەکەی دەوڵەتی تورك لە باکوری عێراق و باشوری کوردستان. بەڵام دوای دروستبوونی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، کەوتنی شەنگال لە ٣ ی ئابی ساڵی ٢٠١٤.

بەهێزبوونی پێگەی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK لە چیای شەنگال و کۆنترۆڵکردنی بەشی زۆری ناوچە سنورەییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و باشووری کوردستان. لەلایەن یەکەکە. مەترسی گەورەی دروستکرد لەسەر گەڕانەوەی خەونی دەوڵەتی عوسمانی. ئەم ڕوداوانەشی وایکرد شەنگال بەنسبەت تورکەکان لە هەموو کاتێك زیاتر گرنگی هەبێت. هەروەها گرنگی شەنگال بۆ تورکیا لەچەند خالێکدا دەستنیشان دەکەین، کە پێکدێن لەمانەی خوارەوە:

---

**18. Hasan Turunc, Turkey and Iraq, p 41-42, on the website:**
http://www.lse.ac.uk/IDEAS/publications/reports/pdf/SR007/iraq.pdf

١. لێدان و لاوازکردنی هەژموونی پەکەکە لە سنووری قەزای شەنگال.

٢. پاراستنی بەرژەوەندییە سیاسی و سەربازی و ئابوریەکان لە باشوری کوردستان، دەیەوێت دەست بەسەر بیرە نەوتەکانی رومێلان دابگرێت. [١٩]

٣. ڕێگریکردن لە لاوازبوونی هەژموونی پارتی لەبەرامبەر پەکەکە لە شەنگاڵ.

٤. ڕۆل بینینی لە نەخشەی داهاتووی جوگرافیای سیاسی دەشتی نەینەوا.[٢٠]

٥. پاراستن و هەبوونی بەسەر هەژمونی خۆی لە عێراق لە ڕێگای سونەکانەوە. هەروەها لە ڕێگای پاراستنی تورکمانەکانی تەلەعفەر دەستبگرێت بەسەر ئیدارەی پارێزگای موسڵ.[٢١]

٦. فشار دروستکردن لەسەر ڕۆژئاوای کوردستان لە ڕێگای سنورەکانی شەنگالەوە.

٧. ڕێگریکردن لە دروستبوونی هەژموونی کۆماری ئیسلامی ئێران و هیلالی شیعە و فراوانخوازیەکانی حەشدی شەعبی.

٨. کەمکردنەوەو پچڕانی پەیوەندی نێوان ڕۆژئاوای کوردستان و قەندیل.

---

**19 . Birce Bora, Analysis: What is Turkey trying to achieve in Iraq?, Any attempt to change Mosul's demographic composition would be a direct threat to Turkey's security, analysts say. ،14 October 2016, on the website:**
http://www.aljazeera.com/news/2016/10/analysis-turkey-achieve-iraq-161013032856045.html

**20 . Zalmay Khalilzad, Are Turkey and Iraq Headed for War in Mosul?, October 20, 2016, on the website:**
http://nationalinterest.org/feature/are-turkey-iraq-headed-war-mosul-18130

**٢١. ماجد ع محمد، مواقف الجبور والتركمان مقارنة بمحور (قم)، على الموقع الاليكتروني:**
http://elaph.com/Web/opinion/2016/5/1090155.html

**پێنجەم: گرنگی شەنگال بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران**

لە دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران خەونی هیلالی شیعە خەونی ڕێبەرانی ئەم شۆڕشە بوو، بەڵام ئەستەم بوو، دوای ڕوخانی ڕژێمی "صدام حسێن" لە عێراق، دەرگایەکی گەورە بەڕوی ئەم خەونەدا کرایەوە، ڕێگەی خۆشکرد کە کۆماری ئیسلامی ئێران کە زۆرترین ڕۆلی هەبێت لە پرۆسەی سیاسی عێرَاق.

جوگرافیای کۆماری عێراق بۆ "کۆماری ئیسلامی ئێران" گرنگی جیۆپۆلەتیکی و جیۆستراتیژی خۆی پەیداکرد. هەروەها دوای دروستبوونی ناکۆکی مەزهەبی لەنێوان شیعە و سونە، ئێران توانی پێگەی خۆی زیاتر لەم دەوڵەتە پەرەپێبدات، چونکە ئەم شەڕە بووە هۆی ئەوەی کە نفوزی سیاسی و "جیۆستراتیژی ئێران" Geostrategic Iran زیاتر بێت. دوای دروستبوونی داعش و کۆنترۆلکردنی تەواوی "جوگرافیای سونەی عێراق" داهاتووی سیاسی ئەم وڵاتە بۆ ئێران گرنگتر لە هەموو کاتێك دەرکەوت.[٢٢]

بەڵام پرسیارە گرنگەکە لێرەدایە کە ئایا گرنگی "جیۆپۆلەتیکی شەنگال" بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران لەچی دایە؟. لە دوای ئەوەی کە شەنگال کەوتە دەست داعش لەسەرەتای مانگی ئابی ٢٠١٤ شەنگال و باقی شوێنەکانی تری باکوری عێراق، هاوسنور لەگەڵ سوریا گرنگی تایبەتی بە قوڵایی ستراتیژی بۆ "هیلالی شیعە" Shia Cresent پەیداکرد.[٢٣]

یەکێکی تر لە گرنگیەکانی شەنگال بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران بریتیە لە هەبوونی نفوزی سیاسی و سەربازی حکومەتی عێراقی هاوپەیمانی بەرامبەر نەیارەکانی خۆی کە تورکیایە، چونکە ویستی ئێران ئەوەیە کە حکومەتی بەغدا لەم ناوچەیە بەهێزبێت بۆ ئەوەی بتوانێت پارێزگاری بکات لە هیلالی شیعەکە، هاوکات خاوەن نفوزی تایبەت بەخۆی بێت جا چ لە ڕێگای خۆی بێت یان هاوپەیمانەکانیەوە بێت. هەر ئەم بارودۆخەش وایکردوە کە شەنگال بۆ ئێرانیەکانیش گرنگی ستراتیژی تایبەتی خۆی هەبێت.

---

٢٢. هوشنك بروك، حرب كردية" بالوكالة.. هل ستبدأ من سنجار، على الموقع الاليكتروني:
http://elaph.com/Web/Opinion/2016/12/1126115.html

**23. Ellen R. Wald, With Iraq And Mosul, Will Iran Become An Oil Superpower?, on the website:**
https://www.forbes.com/sites/ellenrwald/2016/11/16/with-iraq-and-mosul-will-iran-become-an-oil-superpower/#7528ab3f2692

## شەشەم: گرنگی "شەنگال" لە ئاستی نێودەوڵەتی

دوای دەنگدانەوەی ئەو کارەساتەی بەسەر شەنگالیەکاندا هات، لەسەرەتای مانگی ئابی ٢٠١٤، جیۆپۆلەتیکی شەنگال ڕەهەندێکی نێودەولەتی وەرگرت، چونکە ئەم کارەساتە لە زۆربەی ناوەندە جیهانی و دامەزراوە نێودەوڵەتیەکان دەنگی دایەوە بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ. هەر ئەمەش وایکرد کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەدەنگ ئەم کارەساتە مرۆییەوە بێن. بە تایبەت دوای ئەوەی کچان و ژنانی ئێزیدی کرانە سەبایا لە بازاڕەکانی شاری ڕەقە و موسڵ فرۆشتنیان پێوەکرا.[٢٤] بەڵام پرسیارەکە لێرەدایە کە ئایا گرنگی جیۆپۆلەتیکی شەنگال لە ئاستی نێودەولەتی چیە؟.

بۆ کام دەوڵەتی کاریگەر لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی شەنگال گرنگی تایبەت بەخۆی هەیە لە یەکلاکردنەوەی ململانێکانی لەو جوگرافیا دیاریکراوەدا؟. بەهۆی پێگەی جیۆپۆلەتیکی شەنگال لە ئاستی وڵاتانی هەرێمی بە تایبەتیش لە نێوان تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا، وە هەروەها ڕەهەندێکی نێودەوڵەتیشی Internationals Dimension وەرگرتووە بۆ هەر یەکێك لە وڵاتانی ئەمریکا و کۆماری روسیاو یەکێتی ئەوروپا.

هەرچی تایبەتە بە گرنگی جیۆپۆلەتیکی شەنگال بۆ ئەمریکیەکان خۆی دەبینێتەوە لە پاراستنی بەرژەوەندیە جیۆستراتیژیەکانی خۆی لە نێوان کوردستانی باشور و ڕۆژئاوای کوردستان، گرنگیەکی تری شەنگال لە ئێستادا بۆ ئەمریکیەکان بریتیە لە دیارکردن و ڕاگرتنی هەژمونی تورکیا و ئێران لە "لیوای موسڵ". ئەم واقیعەی ئێستای شەنگالیش بۆ ئەمریکیەکان گرنگی خۆی هەیە، کە PKK ڕێگری سەرەکیە بۆ زاڵبوونی هەژمون کۆماری تورکیا.

بەڵام هەرچی تایبەتە بە گرنگی شەنگال بۆ ئەوروپیەکان هەمان لێکچووی گرنگی ئەمریکیەکان. تەنها ئەوە نەبێت ئەوان بە ناڕاستەوخۆ دژی هەبوونی هەژمونی تورکیا و ئێرانیەکانن لە سنووری ئیدارەی پارێزگای موسڵ. هەروەها بەنسبەت ڕوسەکانیش جیۆپۆلەتیکی شەنگال گرنگی تایبەت بەخۆی هەیە کە نزیکە لە گرنگی شەنگال بۆ ئێرانی و عێراقیەکان. کە خۆی دەبینێتەوە لە ڕێگریکردن لە هەبوون و باڵادەستی تورکیاو هاوپەیمانەکانی تورکیا لە ئاستی نێوخۆیی عێراق و وڵاتانی دەوروبەر.

---

24. **Seth J. Frantzman, Yazidi politician in Iraq: What happened to my people was genocide, December 22, 2015, on the website:**
http://www.jpost.com/Middle-East/Yazidi-politician-in-Iraq-The-international-community-has-abandoned-my-people-437978

## ململانێکان لەسەر شنگال

لە ساتەوەختی کەوتنی شەنگال لە ٣ی ئابی ٢٠١٤ تاکو ٣ ئازاری ٢٠١٧ شەنگال وەکو گەورەترین خالی ناکۆکی ململانێی دەرکەتووە لەسەر ئاستی هەر چوار پارچەی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی، هەروەها باشووری کوردستانیش بەشێوەیەکی تایبەتی. هەروەها هەموو جۆرە ململانێکانیش لەنێوان هێزە کوردییەکان هاتونەتە ئاراوە بە تایبەتی لەنێوان پارتی و پەکەکەدا. دوای ئازادکردنی شەنگال لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٥ تاکو ئەم ساتە وەختە زۆرترین ململانێ و بەریەکەوتنی میدیایی و سیاسی و سەربازی ڕویداوە لەم دەڤەرەدا.

بەڵام ئەوەی پێشبینی دەکرێت لەسەر ململانێکانی شەنگال بریتیە لە درێژەکێشانی ئەم ململانێیە لە نێوان لایەنە کوردیەکان بە تایبەت پارتی و پەکەکە، هێزە هەرێمیەکانیش. ئەمەش وا دەکات جۆرەکانی ململانێش درێژە بکێشن بۆ بەریەکەوتنی سیاسی و سەربازی توند لەسەر جیۆپۆلەتیکی شەنگال. بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدەین بەشێك لەم ململانێیانە دەستنیشان بکەین لەنێوان ئەم لایانانەی کە ڕۆڵیان هەیە لەسەر کاریگەری جیۆپۆلەتیکی شەنگال، کە پێك دێن لەمانەی خوارەوە.

### یەکەم: ململانێی لەنێوان "پارتی و پەکەکە"

مێژووی ململانێی نێوان "پارتی دیموکراتی کوردستان" و "پارتی کرێکارانی کوردستان" دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتایی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، کە پارتی و یەکێتی بە یەکەوە شەڕی پەکەکەیان کرد لە "باشووری کوردستان".[٢٥] دوای ئەم شەڕە دووبارە پارتی و پەکەکە بەشەڕ هاتنەوە تاکو کۆتایی ساڵی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو.

بە درێژایی ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو پارتی و پەکەکە لەڕوبەڕووبونەوەو ململانێ بەردەوامبوون بەشێوەی جیاواز،[٢٦] چونکە لەماوەی ئەم دە ساڵەدا هێزی سەربازی تورکیا لە ڕێگای ئەم بنکە و بارەگا سەربازیانەی هەیبوون لە سنوری پارێزگای دهۆك زەبری گەورەی لە چالاکیە سەربازیەکانی پەکەکەدا لە جوگرافیای باشووری کوردستان.

دوای ئەوەی پارتی بە تەواوی نزیك بویەوە لە حکومەتی ئەکەپە سەرەتای ململانێکانی نێوان پەکەکە و پارتی زیاتر دەرکەوتن بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، بەڵام لەدوای کۆنترۆڵکردنی شەنگال لەلایەن داعشەوە لە ٣ی ئابی ٢٠١٤، هێزێکی پەکەکە لەچیای شەنگال جێگربوون

---

**25. Who are Kurdistan Workers' Party (PKK) rebels?، 4 November 2016, on the website:**
http://www.bbc.com/news/world-europe-20971100

**٢٦. زمناکۆ ئیسماعیل، پەکەکە و پارتی و شەنگال.... ، لەسەر پێگەی ئەلیترۆنی:**
http://www.nrttv.com/birura-details.aspx?Jimare=4677

و دواتریش چەند گرووپێکی چەکداری نزیک لەپەکەکە دروستبوون، لەو کاتەشەوە تائێستا ململانێکانی پارتی و پەکەکە لەسەر شەنگال دەستیپێکردووە.[٢٧]

پارتی دیموکراتی کوردستان دەیەوێت یەپەشە و هیچ هێزێکی دیکەی سەربازیی لەناوچەکە نەمێنێت و خۆیان کۆنترۆڵی تەواوی ناوچەکە بکەن و دەست بە بازرگانی و ئیشەکانی خۆیان بکەنەوە. بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان خۆی باش دەزانێت کە ئەگەر ئەو ئێزدییانەش کە ئێستا لە کامپەکانی دهۆکدان ئەگەر بگەڕێنەوە شەنگال ئەوا پشتیوانی هێزێکی وەك یەپەشە دەکەن، ئەمەش هۆکاری ئەو ئابلۆقە ئابورییەیە کە لە ناوچەکەدا دروستکراوە. لە ئێستادا سیاسەتی دروستکردنی ئابلۆقەی ئابوری شەنگال سیاسەتێکی نادروستی پارتییە بۆ ئەوەی ئێزدییەکانی نێو کەمپەکان کە زیاتر لە دو ساڵ و نیوە لەوێدا قەتیسکراون تا نەگەڕێنەوە شەنگال و پەیوەندی بەم هێزەوە نەکەن. ٢٨

پاش کەوتنی شەنگال لە ٣ی ئابی ٢٠١٤، پارتی باڵادەستی سەرەکی بوو لەڕووی سیاسی و سەربازی پێش ئەو مێژووە لە شەنگال، چۆڵکردنی شەنگال بەبێ هیچ بەرگرییەك "پارتی" بە تۆمەتباری سەرەکی لە قەڵەم درا. هەروەها پارتی کرێکارانی کوردستان "PKK" یەکێك بوو لەو هێزە سەرەکیانە کە پارتی تۆمەتبار کرد بە کەوتنی شەنگال و تەسلیمکردنی "ئیرادەی ئێزدیەکان" بە داعش.

بەڵام ئەوکات بەهۆی پێویستی "پارتی" بە "پەکەکە" لە زۆر میحوەری شەڕ پارتی زۆر گوێی بۆ ئەم باسانە نەدەدا. بەڵام دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان پەکەکە و حکومەتی ئەکەپە لە کۆتایی مانگی تەموزی ٢٠١٥ بووە هۆی سەرەتای دەرکەوتنی ململانێی نێوان پارتی و پەکەکە. بەشێکی زۆری ململانێکانیش لەسەر جیۆپۆلەتیکی شەنگال بوون.

هەروەها دوای ئەوەی پلانی کۆنترۆڵکردنەوەی شەنگال هاتە پێشەوە ململانێ سەربازیەکان لەنێوان پارتی و پەکەکە توندبویەوە بە تایبەت دوای ئەوەی هەردوو لایەن دەیانویست ڕۆڵی سەرەکیان هەبێت لە کۆنترۆڵکردنەوەی شەنگالدا. هەر ئەمەش وایکرد لەگەڵ کۆنترۆڵکردنەوەی شەنگال هەردوو هێزەکە ڕاستەوخۆ بکەونە ململانێکردن لەگەڵ یەکتر بە تایبەت دوای وتاری "مەسعود بارزانی" لە مانگی ١٢ی ساڵی ٢٠١٥ لەسەر تەپۆڵکەیەکی بەردەم شاری شەنگال پێشکەشیکرد بۆ میدیاکانی پارتی میدیای سێبەری ئەم

---

٢٧. پارتی داوا لە پەکەکە دەکات شەنگال چۆڵبکات و پەکەکەش ئەو داوایە ڕەتدەکاتەوە، لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.nrttv.com/Details.aspx?Jimare=56182

٢٨- ماسیۆ باربەر، وەرگێرانی بەهمەن ئەحمەد، پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کەمینە ئێزدیەکان و داهاتویان لە شەنگال، ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، مانگی نیسانی ٢٠١٧، لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی:

http://www.sbeiy.com/Article-38606

حیزبە وتی "جگە لە هێزی پێشمەرگە هیچ هێزێکی تری غەیری ئەم هێزە ڕۆڵی نەبووە لە ئازادکردنی شەنگال". ململانێی پەکەکە و پارتی چووە قۆناغێکی مەترسیدارەوە، چونکە پەکەکە هەر دوای ئەم وتارەی بارزانی لە بەیاننامەیەکدا قسەکانی "مەسعود بارزانی" ڕەتکردەوە، بڵاویکردوە کە ئەوان بە زیاد لە ۲۰۰۰ گەریلا بەشداریان کردوە لە ئازادکردنی شەنگال، فەرماندەکانی پەکەکە هەر ئەو ڕۆژە بڵاویان کردەوە کە بارزانی لە کاتی هاتنی بۆ شەنگال بە دوو بازگەی ئێمە داهاتووە بۆ ئەم شارە. ئەم ڕوداو و بارودۆخەش بوونە هەوێنی سەرەتایەکی جیاواز لە دەرکەوتنی ململانێ لەسەر جیۆپۆلەتیکی شەنگال لەنێوان پارتی و پەکەکەدا.

بە درێژایی ساڵی ۲۰۱٦ پارتی بە بەردەوامی لە ڕێگای سەرکردەکانیەوە لەچەندین بۆنەی جیاوازدا پەکەکەیان تۆمەتبار کرد بە کۆنترۆڵکردنی ئیرادەی خەڵکی ئێزیدیەوە، ڕێگریکردن لەبەردەم ئاوادانکردنەوەی سەنتەری قەزای شەنگال.

بەڵام لە ساڵی ۲۰۱۷دا فۆرمی ململانێکانی نێوان ئەم دوو هێزە کوردیە زیاتر بوو. بەتایبەت دوای ئەوەی حکومەتی تورکیا چیای شەنگالی بە قەندیلی دووەم ناوزەد دەکرد.[۲۹] ئەم فشار خستنە سەر پارتیش بۆ ئەوەی فشاری زیاتری لەسەر پەکەکە لە شەنگال دروستبکات جۆری ململانێیەکانی گۆڕی بۆ ململانێی عەسکەری.

ئەم ململانێ سەربازیانە شەڕی ۳ی ئازاری ۲۰۱۷ی ناحیەی سنونێی لێکەوتەوە لەنێوان پێشمەرگەی ڕۆژئاوا ناسراو بە پێشمەرگەی ڕۆژ نزیك لە پارتی دیموکراتی کوردستان و هێزی یەبەشەی نزیك لە پارتی کرێکارانی کوردستان، کە تێدا حەوت گەریلا شەهید بوون.[۳۰]

هەروەها خۆپیشاندانی ١٤ی ئازاری خەڵکی شەنگال بەرامبەر هاتنی پێشمەرگەی ڕۆژ بۆ ئەم سنوورە، کە تێیدا ژنێك شەهیدبوو، ۲۰ کەسیش بریندار بوون. دوای ئەم ڕوداوەش هێزەکانی پارتی لە زۆر ناوچەی دەڤەری سۆران و بادینان خستە ئامادەباشییەوە لە ئەگەری هەر ڕووبەڕووبونەوەیەکی سەربازی لە بەرامبەر پەکەکە لە ناوچە شاخاویەکانی ئەم ناوچانەدا.

دوایین ململانێی نێوان پارتی و پەکەکە لە ۱۷ ئازاری ۲۰۱۷ دەرکەوت کاتێك مەسعود بارزانی لەگەڵ نوێنەری ئێزدیەکان لە مەسیف سەلاحەدین کۆبویەوە ڕایگەیاند، کە هەر هێزێك لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستان نەبێت دەبێت شەنگال چۆڵ بکات، هەروەها چیتر

---

۲۹. سلێمان ئالیخان، پارتی.. بەردانی شەنگال و گرتنی و یەزدا، ۲۰۱۷/۱/۱۹، لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.rudaw.net/sorani/opinion/19012017

۳۰. لە سنوری شەنگال ئاڵۆزی لەنێوان هێزێکی نزیك لە پارتی و پەکەکە رودەدات، لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://sbeiy.com/Article-36551

ڕێگری دروست نەکەن لە بەردەم ئاوەدانکردنەوەی قەزای شەنگال. هەر هەمان ڕۆژ میدیاکانی پەکەکە بڵاویان کردەوە کە هاکان فیدان سەرۆکی میتی دەوڵەتی تورکیا لەگەڵ مەسعود بارزانی و نێچیروان بارزانی کۆبوتەوە لە شاری دهۆك دواتر سەردانی بنکەی سەربازی بامەڕنیی کردوە لە قەزای ئامێدی، وە پلانیان داناوە بۆ هێرشکردنە سەر شەنگال. ئەم ڕوداوانە بوونە هۆی زیادبوونی ململانێی میدیای و سیاسی نێوان پەکەکە و پارتی.[٣١]

**دووەم: ململانێی "هەرێم" و حکومەتی ناوەند**

قوڵایی ململانێی نێوان کورد لەگەڵ حکومەتە یەك لەدوایەکەکان بە درێژایی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢١، دوای لکاندنی باشوری کوردستان بەم دەوڵەتەوە لە ساڵی ١٩٢٥، وە تاکو دەستپێکردنی پرۆسەی ئازادکردنی موسل لەدەست داعش، ململانێی نێوان هەرێم و بەغدا بەردەوامی هەبووە. بەشێکی زۆری ململانێکانیش لەسەر ناوچە کوردستانیە کێشە لەسەرەکان بوە. شەنگالیش لە چوارچێوەی ئەم ململانێیەدا بوونی هەبووە.

ئەو ململانێیانەش ڕۆلی سەرەکیان هەبووە لەسەر جیۆپۆلەتیکی شەنگال. بەڵام دوای ئەوەی داعش هێرشی کردە سەر شەنگال کارەساتی گەورەی بەسەر خەڵکی ئێزدیەکان هێنا. لە مانگی ئابی ٢٠١٤ ململانێی نێوان هەرێم و بەغدا دەستپێکرد، کە زۆرترین ئەم ململانێیانەش لەنێوان بەغدا و خودی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو.

باردوۆخی ڕابردووش وایکردوە چەندین جۆری ململانێ لەسەر شەنگال تاقی بکرێنەوە لە حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بەرامبەر بە خەلکی ئێزدیەکان کراوان. دوای ڕوخانی حکومەتی بەعسیش لە نیسانی ٢٠٠٣ و دەستبەسەر داگرتن و باڵا دەستی داعش لەم سنوورە لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٤ ململانێی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی زیاتر دەرکەوت بە تایبەت دوای ئەوەی، کە هێزی پێشمەرگە کۆنترۆڵی هەموو ناوچە کوردستانیە کێشە لەسەرەکانی پارێزگای موسلی کرد، شەنگالیش بەشێك بوو لەم ململانێیە.[٣٢] بۆ ئێزدییەکان، گرفتەکە بژاردەی نێوان هەولێرو بەغداد نیە کە کامیان هەڵدەبژێرێت و کامیان ڕەتدەکاتەوە، بەڵکو ئەوەی ئێزدییەکان دەیانەوێت بونی چوارچێوەیەکە بۆ مافی خۆبەڕێوەبەری، ئەوەش شتێکە کە هەرگیز حکومەتەکەی هەولێر و بەغدا سازشی لەسەر ناکەن ئەمەش بۆ خۆی ململانێی دروستکردوە لەنێوان هەرێم و بەغدا[٣٣].

---

٣١. میدیاکانی پەکەکە: سەرۆکی میت لە دهوک لەگەڵ بارزانی و نێچیرڤان بارزانیدا کۆبووەتەوە، لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.nrttv.com/Details.aspx?Jimare=64887

٣٢. جوست هیلترمان، مخاطر عراق ما بعد "داعش، ٢٠١٦/٢٩/٩، على الموقع الاليكتروني:
http://www.nrttv.com/ar/birura-details.aspx?Jimare=3934

٣٣. ماسیۆ باربەر هەمان سەرچاوە.

پاش نەمان و لاوازبوونی داعش لە دەشتی نەینەوە. وایکرد ململانێی نێوان هەرێمیکوردستان و عەرەبی سونە لە لایەك و حکومەتی ناوەندی لە لایەکی ترەوە زیاتر دەربکەویت. بە تایبەت دوای ئەوەی چەند جارێك حکومەتی ناوەندی داوای کشانەوەی هێزی پێشمەرگەی کرد لە شەنگال ناوچە کوردستانیە کێشە لەسەرەکانی چوارچێوەی مادەی ١٤٠ دەستوری عێراقی.[٣٤]

## سیناریۆ و ململانێکان لەسەر "شەنگالی" دوای داعش

سەرەنجامی ململانێکانی دوای دوو ساڵ لە نێوان پارتی و پەکەکە شەڕی ٣ ئازاری ٢٠١٧ رویدا. لە نێوان "پێشمەرگەی رۆژ" و "یەبەشە". هەروەها ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی ئێستای ناوچەکە، دەرخەری ئەو راستیەن، کە دوای کۆتایی هاتنی داعش لە عێراق و دەشتی نەینەوا.

کۆمەڵێك سیناریۆ و پێشهاتی جیاواز لە ململانێی سیاسی و سەربازی بەڕێوەن، کە شەنگالیش وەك بەشێکی سەرەکی لەم نەخشە جوگرافیا سیاسییەدا رۆڵی سەرەکی هەیە. کە دوای کۆتایی داعش سیناریۆی جیاواز روبەڕوی جیۆپۆلەتیکی شەنگال ببنەوە. لێرەدا هەوڵ دەدەین چەند سیناریۆیەك ئاماژە پێ بکەین، کە ئەگەری نزیکیان هەیە. دوای کۆتایی داعش و روودانی "شەڕی ٣ ئازاری ٢٠١٧" لەسەر "جیۆپۆلەتیکی شەنگال" و دەروبەری تاقی بکرێنەوە، کە پێك دێن لەمانەی خوارەوە:

### سیناریۆی یەکەم: لە نێوان پارتی و پەکەکە

دوای ئەوەی هەردوو لایەن لە ناوەڕاستی ئازاری ٢٠١٧ هێزیان لەبەرامبەر یەکتر کۆ کردوە. هەروەها شەڕی میدیایی لەنێوان هەردوولا بە توندی دەستپێکرد بەشێوەی راستەوخۆ هێرشی راگەیاندنیان بەرامبەر یەکتر دەستپێکرد. هەروەها فەزای شەڕکردنیان وروژاند.[٣٥]

سیناریۆی شەڕی نێوان پارتی و پەکەکە بووە ئەگەرێکی بەهێز لە ئەنجامی ئەم ململانێ سەختەدا. دوای کۆتایی داعش لە سنورەکانی "هەرێمی کوردستان" و بەردەوامیدان بە ململانێیەکان لەسەر شەنگال.[٣٦] شەڕی ناوخۆیی لەنێوان پارتی و پەکەکە یەکێك دەبێت لە ئەگەر هەرە بەهێزەکان لە "هەرێمی کوردستان"، چونکە دوای وروژاندنی شەڕی ناوخۆیی

---

٣٤. مصطفى زين، كاكا والانفصال عن العراق، على الموقع الاليكتروني:
http://www.alhayat.com/m/opinion/9187017#sthash.0gfik0dK.dpbs

٣٥. میدیاکانی پارتی و پەکەکە شەڕێکی راگەیاندنیان لە دژی یەکتری دەست پێکردووە، لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.nrttv.com/media-video-detail.aspx?Cor=2&Jimare=11813

٣٦. دۆخی شەنگال ئاڵۆزەو پەکەکەو پارتی سەنگەرییان لەدژی یەکتر داناوە، لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.chawdernews.com/detailnews.aspx?jimare=5711&cor=1&related=2020

و پێکدادانی سەربازی ٣ی ئازار و ڕەخساندنی فەزای شەڕکردن. نەبونی هیچ ڕێگریەك و بەربەستێك لەبەردەم ئەم شەڕە، واقیعی ئەم سیناریۆیە یەکێك دەبێت لە ئەگەر بەهێزەکان.

هەروەها ئێزدییەکان لەوە دەترسن کە پەکەکە پشتگیری هێزەکانی یەپەشە نەکات، چونکە ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبونی هەیمەنەی پارتی لەناوچەکەداو گێڕانەوەی دەسەڵاتی ئەو هێزەی کە ژیانی ئێزدییەکانی لەلا گرنگ نەبوە، ئەمەش وەك خراپترین سیناریۆ لێکدەدرێتەوە

**سیناریۆی دووەم: لەنێوان دەوڵەتە هەرێمیەکان**

لە ئەنجامی بەردەوامیدان بە ململانێ هەرێمیەکان لەسەر خاکی عێراق ، شەنگالیش وەك بەشێکی تایبەت. یەکێك لە سیناریۆ بەهێزەکانی کاریگەر لەسەر جیۆپۆلەتیکی شەنگال دوای کۆتایی هاتنی داعش، بریتی دەبێت لەشەڕی دەوڵەتانی هەرێمی بەشێوەی ناڕاستەوخۆ، کە کۆماری ئیسلامی ئێران و تورکیا دوو گەورەترین هێز دژ بەیەك دەبن لەسەر یەکلاکردنەوەی داهاتووی جیۆپۆلەتیکی شەنگال. کە کاریگەریان دەبێت لەسەر جیۆپۆلەتیکی شەنگال.(٣٧)

ئەم شەڕە شەڕێك نابێت ڕاستەوخۆ ئەم دوو تەوژمە مەزهەبیە بەرامبەر یەکتر بیکەن. تەنیا ڕاستی ئەم شەڕە بریتی دەبێت لە شەڕی وەکالەتداری نێوان ئەم دوو ئاڕاستە سیاسیە مەزهەبییە، کە شەنگالیش بەشێك دەبێت لەم بارودۆخەی کە ئەگەری ڕودانی هەیە. ئەم شەڕەش بارودۆخێکی سیاسی و ئەمنی خراپ بۆ شەنگال و هەرێمی کوردستانی عێراق دروست دەکات، کە ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر لاوازبوونی پێگەی جیۆستراتیژی شەنگال و داهاتووی دەشتی نەینوا.

لە ئەگەری ڕودانی ئەم شەڕە وەکالەتدارە، هێزە کوردیەکانی خاوەن نفوز لە شەنگال و هەرێمی کوردستان بەشێوەی گشتی نزیك لەم دوو تەوژمە مەزهەبیە لە پێکدادانی سیاسی و سەربازی نزیك دەبنەوە. ئەم واقیعەش نزیك دەبێت لە سیناریۆی یەکەم. بەڵام لە ئەگەری ڕودانی ئەم سیناریۆیەدا،(٣٨) کاریگەری پۆزەتیڤ دروست دەکاتە سەر پێگەی جیۆپۆلەتیکی هەرێمی کوردستان بە گشتی و جوگرافیای شەنگال بە تایبەتی لە هەموو لایەنەکانەوە، هەروەها پرۆسەی سیاسی و دیموکراسی بەرەو خاڵی سفر دەبات.

**37. Iraq's Kurdish Yazidi Region Faces Poverty, 30.11.2011, on the website:**
http://ekurd.net/mismas/articles/misc2011/11/kurdsiniraq141.htm
**38 .Mohamed Yosri ,The Battle of Mosul and the Long History of Persian-Turkish Rivalry, 28.10.2016, on the website:**
http://raseef22.com/en/politics/2016/10/28/battle-mosul-long-history-persian-turkish-rivalry/

**سیناریۆی سێیەم: لەنێوان "هەرێمی کوردستان" و بەغدا**

بەشێوەیەکی گشتی دوای کۆتایی هاتنی داعش لەڕووی سەربازییەوە. یەکێك لە سیناریۆ بەهێزەکان بریتی دەبێت لە ململانێ و بەریەککەوتنی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەند لەسەر ناوچە کوردستانیە کێشە لەسەرەکان و چۆنیەتی ئیدارەدانی ئەم ناوچانە بە سنوری قەزای شەنگالیشەوە.[٣٩]

ڕوون و ئاشکرایە کە دوای هاتنی داعش چەندین هێزی سەربازی کەوتنە ڕوبەڕوو لەگەڵ داعش لە سنووری پارێزگای موسڵ، کە بەشێك لەم هێزانەش مەترسی سەرەکین بۆ سەر جیۆپۆلەتیکی شەنگال و هەرێمی کوردستان بە تایبەت حەشدی نیشتمانی سونەکان و حەشدی شەعبی.[٤٠] هەروەها ڕاکێشان و ناونوسکردنی خەڵکی قەزای شەنگال بۆ نێو ڕیزەکانی حەشدی شەعبی مەترسی گەورەن بۆ پێکدادانی نێوان کورد و هێزەکانی تری بەشدار لەم ناوچەیەدا.

چوارچێوەی بەشێکی تری ئەم سیناریۆیە خۆی دەبینێتەوە لە پێکدادانی نێوان سوننەکانی دەشتی نینوا و کورد. لە ئەنجامی دابەشبوونی دەشتی نەینوا بۆ چەند پارێزگایەك، ئەم سیناریۆیە زۆرترین قسەی لەسەر دەکرێت لە دوای کۆتایی هاتنی داعش لەڕووی سەربازیەوە لە سنوری جوگرافی پارێزگای موسڵ ڕوودەدات.[٤١]

لە ئەگەری ڕودانی ئەم شەڕە لە دەشتی نەینوا. پاش داعش لە ناوچە کوردستانیە کێشە لەسەرەکان و دەشتی نینوا و ناوچە سونە نشینەکانی باکوری ڕۆژئاوای عێراق. ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر پێگەی ئەمنی ناوچە کوردستانیە کێشە لەسەرەکان بەشێوەیەکی گشتی، دەڤەری شەنگالیش بەشێوەیەکی تایبەتی.

---

٣٩. سيناريوهات عراق ما بعد داعش في ملتقى النبأ الأسبوعي، ١٨-١٠-٢٠١٦، ، على الموقع الاليكتروني:
http://mcsr.net/news189

٤٠. توفيق السيف، مستقبل الموصل بعد <داعش>، على الموقع الاليكتروني:
http://aawsat.com/home/article/775026/%D8%AA%D9%88%D9%81%D9%8A%D9%82-

٤١. مصطفى سعدون، ما بعد "داعش" أربعة جيوش في العراق... فهل يتقاتلون ؟، على الموقع الاليكتروني:
http://www.mustaqila.com/2016/07/%D9%85%D8%A7-%D8%A8%D8%B9%D8%AF

**دەرەنجامەکان**

١. جیۆپۆلەتیك لێکۆلینەوە دەکات لەناوچە ستراتیژیەکان لەڕووی سەربازی و سیاسیەوە، نەخشەی ململانێکان هێلکاری دەکات لە "یەکە جوگرافیەکاندا". هەروەها جیۆپۆلەتیك وەچەرخانە سیاسی و سەربازی و ئابوریەکان لەخۆی کۆ دەکاتەوە، بنەمای ململانێ جیاوازەکانیش دەستنیشان دەکات.

٢. دروستبوون و هاتنی داعش بۆ "عێراق" هاوکێشەی جیۆپۆلەتیکی و نەخشەی جوگرافیای سیاسی ئەم دەوڵەتەی بەتەواوی گۆڕی. بەتایبەت لەناوچە سونە نشینەکان و "ناوچە کوردستانیە کێشە لەسەرەکان". هێرشی داعش بۆ سەر شەنگال وایکردوە وەك فاکتەرێکی جوگرافی کاریگەری دەربکەوێت لەسەر "سیاسەتی نێودەوڵەتی".

٣. شەنگال چارەنوسی پارسەنگی قوڵایی ستراتیژی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان دیاری دەکات. شەنگال تەنیا لەگەڵ "پارێزگای دهۆك" هاوسنورە، وە سنوری بادینان زێدی ئێزیدیەکان بووە لە ڕابردوو. لە ماوەی ڕابردوو ئێزیدیەکان توشی زۆرترین دەسترێژی بووە لەسەر دەستی میرنشینە ناوخۆی و هێزە هەرێمیەکانی دەوروبەر.

٤. دوای ٣ ئابی ٢٠١٤ نزیکەی ٢٠٠٠ کەس ئاوارەبوون، زیاد لە ٤٠٠٠ توشی ڕفاندن و کوژران هاتن، زیاد لە ٣٥٠٠ کەس لە کچان و ژنانی ئێزیدی بێ سەروشوێن بوون. لە پرۆسەی ئازادکردنی شەنگال ٩٠٠٠ هەزار هێزی سەربازی چەکدار بەشداربوون لە هێزی پێشمەرگە و گەریلا بە پاڵپشتی هێزی ئاسمانی هاوپەیمانی دژ بە داعش.

٥. لەماوەی زیاد لە ٢ ساڵدا. هەموو جۆرە ململانێکان لەسەر "جیۆپۆلەتیکی شەنگال" تاقیکراونەتەوە. سەرئەنجامی بەردەوامی ململانێکان بووە هۆی پێکدادانی سەربازی لەنێوان پارتی و پەکەکە. "هەڵکەوتەی جوگرافی شەنگال" وایکردووە گرنگی جیۆپۆلەتیکی شەنگال بۆ هێزە کوردی و هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکان گرنگی جیۆستراتیژی تایبەت بەخۆی هەبێت لە دوای داعشدا.

٦. دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس پارتی دیموکراتی کوردستان" گەورەترین هێزی فەرمانڕەوا بوو لە شەنگال، هەتا وەکو سەرەتای ئابی ساڵی ٢٠١٤. لە کەوتنی شەنگال پارتی زۆرترین تاوانی بەر دەکەوێت. شەنگال قوڵایی ستراتیژی بۆ پارتی لە باشوری کوردستان دەستبەر دەکات بەتایبەت لە سنوری دهۆك. پارتی لە هەلبژاردنەکانی ڕابردوی خولەکانی پەرلەمانی عێراق زۆرترین نفوزی دەنگی لەم ناوچانەدا هەبووە.

٧. شەڕی داعش لەگەڵ کورد و بەرگری نەکردنی پارتی لە شەنگال فاکتەری سەرەکی بووە لە بەهێز دەرکەوتنی "پەکەکە" لە ناوچە کوردستانیە کێشە لەسەرەکان. بەهێزبوونی

پێگەی پەکەکە کاریگەری ڕاستەوخۆی سەربازی هەبووە لەسەر لە کەمکردنەوەی فشارەکانی داعش و لایەنەکانی تری ڕۆژئاوای کوردستان.

٨. گرنگی شەنگال بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان بریتییە لە ڕاگرتنی پارسەنگی خۆی بەرامبەر بە پارتی لەڕووی سەربازی و سیاسی و نفوزی دەنگەوە. هەروەها گرنگترین خاڵی سەرەکی شەنگال بۆ بزوتنەوەی گۆڕان پێکدێت لە چەسپاندنی سیستمی لامەرکەزی و خزمەتی ئێزیدیەکان بکرێت بەبێ جیاوازی سیاسی و ئایدۆلۆژی.

٩. بۆشایی ئەمنی و سیاسی لە جوگرافیای عێراق فاکتەرێك بووە، کە تورکیا بەهێزبێت لە ناوچە سونە نشینەکان و بەشێکی باشوری کوردستان. پارتی ڕۆلێکی سەرەکی هەبووە لەم بەهێزبوونە. گرنگی شەنگال و داهاتووی دەشتی نەینوا بۆ دەوڵەتی تورکیا بریتیە لەمانەوەی پێگەی سیاسی، سەربازی، ئابوری، ژیانەوەی خەونی "دەوڵەتی عوسمانی".

١٠. روخانی ڕژێمی بەعس و هاتنەسەر دەسەڵاتی شیعەکان لەساڵی ٢٠٠٥ و بێ باکی ئەمریکا لە ئێران فاکتەر بوون بۆ لەدایکبوونی گرێدانی عێراق بۆ ناو هیلالی شیعە. شەنگال بۆ ئێرانیەکان بریتیە لە بەهێزمانەوەی هیلالی شیعی، ڕۆل بینینی لە داهاتووی دەشتی نەینوا.

١١. جینوسایدکردنی ئێزیدیەکان فاکتەری سەرەکی بووە، کە شەنگال ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی لە ئاستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وەربگرێت. لە ٣ ی ئابی ٢٠١٤ تاکو ٣ی ئازاری ٢٠١٧ شەنگال زۆرترین ململانێی جۆراوجۆری بەخۆیەوە بینیوە.

١٢. پشکی شێر لە جۆراوجۆری ململانێکان بەر پارتی و پەکەکە کەوتووە، هەروەها مێژووی پارتی و پەکەکە چارەگە سەدەیەك دەبێت بەردەوامی هەیە بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ. بەڵام لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٥ فۆرمی ململانێکان گۆڕانیان بەسەر داهات تاکو ناوەڕاستی ئازاری ٢٠١٧.

١٣. حکومەتی تورکیا ڕۆلی سەرەکی هەبووە لە فشار خستنەسەر پارتی بۆ ئەوەی بەشێوەی جیاواز ململانێ دروست بکات لەگەڵ پەکەکەدا. ململانێی نێوان حکومەتی ناوەند و باشوری کوردستان مێژویەکەی نزیکەی سەد ساڵی هەیە لەسەر جوگرافیای ناوچە کوردستانیە کێشە لەسەرەکان.

١٤. بەشێکی ململانێ بەردەوامەکانی نێوان شیعە و سونە لە شەنگال و دەوروبەریدا تاقی کراونەتەوە. لە شەڕکردن لەڕێگای هێزە وەکالەتدارەکانی خۆیان لە سنوری قەزای شەنگال و دەشتی نەینوای باکوری عێراق.

١٥. هەبوونی ئەو هەموو هێزە جیاوازانە لە شەنگال و دەوروبەری. جیاواز لە پلاتفۆرم و ئایدۆلۆژی سیاسی و نەتەوەی جیاواز سیناریۆی شەڕی داهاتووی ئەم قەزایە دەبێت لەنێوان هێزە کوردی و عێراقیەکان بەدەستتێوەردانی دەوڵەتە هەرێمییەکان.

**ڕاسپاردەکان**

١. پێویستە هەرێمی کوردستان هەرچی زووە ببێتە خاوەن خاوەن سوپایەکی نیشتمانی تایبەت بەخۆی. بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان. دوربکەوێتەوە لە شەڕی ناوخۆیی، هەروەها هۆکارێك بێت بۆ ئەوەی زیاتر دەوڵەتانی جیهان یارمەتیە سەربازیەکانیان ببەخشنە سوپاکەی.

٢. پێویستە نەخشەڕێگایەك ئامادەبکرێت لە ڕێگای پەرلەمانی کوردستانەوە تاکو شەنگال بکرێتە ناوچەیەکی ئارام بۆ باشور و ڕۆژئاوای کوردستان. هەروەها کاربکرێت بۆ ئەوەی ئێزیدیەکان خۆیان بڕیار بدەن، کە چۆن خۆیان دەپارێزێن بۆ داهاتوو تاکو دوربن لە کارەساتی ٣ی ئابی ٢٠١٤.

٣. دەبێت کار بۆ ئەوەی بکرێت ململانێ مەترسیدارەکان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان بگۆڕدرێن بۆ ململانێی سیاسی ودیموکراسی و مەدەنییەکان. پێویستە گرنگی جیۆپۆلەتیکی شەنگال لە حیزبیەوە بگۆڕدرێت بۆ گرنگی جیۆپۆلەتیکی نەتەوەیی.

٤. پێویستە هەموو ئەو کەسانە بدرێنە دادگا، کە هۆکار بوونە لە کەوتنی شەنگال. پێویستە شەنگال بکرێتە بنەمایەك بۆ قوڵایی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان. هەروەها پێویستە ناسنامەی کوردبون و خۆشەویستی کوردبون بۆ ئێزدیەکانی شەنگال بگەڕێتەوە.

٥. پێویستە هەوڵبدرێت بۆ دانیشتن و گفتوگۆکردن لەنێوان پارتی و پەکەکە تاوەکو لەیەکتر نزیک ببنەوە. بۆ کۆتایی هێنان بە ململانێکانیان لەسەر شەنگال. پێویستە ڕێگری بکرێت، لەوەی کە تەنیا یەك هێز دەستبگرێت بەسەر شەنگال، وەك ماوەی ڕابردوو، کە پارتی ئەنجامیداوە.

٦. پێویستە بزوتنەوەی گۆڕان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و لایەنەکانی تری هەرێم لە ڕێگای پەرلەمانی کوردستانەوە نەخشە ڕێگایەك ئامادەبکەن سەبارەت بە ئیدارەدانی شەنگال. هەروەها پێویستە شەنگال لامەرکەزیەتی پێبدرێت. بۆ ئەوەی خۆیان ئیدارەی خۆیان بکەن لەچوارچێوەی باشوری کوردستان.

٧. پێویستە بەهەموو شێوەیەك رێگری بکرێت لەوەی کە تورکیا یەکلاکردنەوەی ململانێ ناوخۆییەکان بهێنێتە جوگرافیای شەنگال و باشوری کوردستان، چیتر رێگەنەدرێت تورکیا دەستوەربدات لەکاروباری هەرێمی کوردستان و دەڤەری شەنگال.

٨. پێویستە کورد لە باشوری کوردستان، بە تایبەت لە ناوچە کورستانیە کێشە لەسەرەکان بەهەموو شێوەیەك دووربکەوێتەوە لە سیاسەتی بە نەتەوەیی بوونی شیعە و سونە.

٩. پێوستە جینۆسایدکردنی ئێزدیەکان لەلایەن داعشەوە لە ئاستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بکرێتە فشار بۆ سەر وڵاتانی هەرێمی، بکرێتە فاکتەرێك بۆ نزیکبونەوە لە قۆناغی سەربەخۆیبونی هەرێمی کوردستان.

١٠. پێویستە پارتی نەبێت بە بەشێك لە سیاسەتی تورکیا لە دژی پەکەکە لە جوگرافیای شەنگالدا. هەروەها کورد ئامادەکاری بکات بۆ ململانێیکانی داهاتووی پاش داعش لەسەر ناوچە کوردستانیە کێشە لەسەرەکان لەگەڵ حکومەتی ناوەندا.

## سەرچاوەکان


١. پرۆفیسۆر دکتۆر ئازاد محەمەد ئەمین نەقشەبەندی، جیۆپۆلەتیکس و تیۆری شاول کوهین، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە ٢، سالی یەکەم، ئەیلولی سالی ١٩٩٧.

٢. و. لە عەرەبیەوە محەمەد چیا، فەرهەنگی نوێ بۆ شیکاری رامیاریی، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٩، چاپخانەی چوارچرا.

٣. رێباز محمد محمود، جیۆپۆلەتیکی خۆرهەلاتی ناوەڕاست، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، سالی ٢٠١٢.

4. Merje Kuus, The Ashgate Research Companion to Critical Geopolitics, p 192, on the website :
https://books.google.com.pg/books?id=fnPeCwAAQBAJ&pg=PA192

5. Marc Andre Matten, Imagining a Postnational World: Hegemony and Space in Modern China, p 18, on the website:
https://books.google.com.pg/books?id=HNY6DQAAQBAJ&pg=PA18&lpg=PA18&dq=weigert+definition+geopolitics&source=bl&ots=kSYWGUO0IM

6. Michael P. Gerace , Between Mackinder and Spykman: Geopolitics, containment, and after, journal Comparative Strategy , 24 Sep 2007, p 347, on the website:
http://www.tandfonline.com/doi/abs/10.1080/01495939108402855?jou

٧. سنجار (شنگال) خلال نصف قرن .. دراسة وثائقية عن سياسة التعريب والتطهير العرقي في قضاء سنجار (١٩٤٧ - ٢٠٠٢)م،
http://cabinet.gov.krd/a/d.aspx?a=8682&l=14

٨. بۆچی شەنگال ؟، ٢٠١٥/٣/١٠، لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://birkrdnawa.com/Article-4206

٩. فەرید ئەسەسەرد، ئێزدییەکان پاش تێکشکاندنی داعش و ئازادکردنی موسڵ، لەسەر پێگەی ئەلیکرۆنی:
http://www.nrttv.com/birura-details.aspx?Jimare=5062

١٠. بۆ زانیاری زیارتر تەماشای ئەم لینکەی شیکاری ئازادکردنەوەی شەنگال بکە، لەسەر پیگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.youtube.com/watch?v=aHbC8gI3-J4

١١. أنواع الصراع ومفهومه، قسم البحوث والدراسات، على الموقع الاليكتروني:
http://www.aljazeera.net/specialfiles/pages/0AF41534-E226-4538-8F40-0197CB1DBE93

١٢. عبدالحميد كشلاف، مفهوم الصراع وطبيعته، على الموقع الاليكتروني:
https://hrdiscussion.com/hr3919.htm

١٣. محمد نبيل، حقيقة مفهوم صراع الحضارات، على الموقع الاليكتروني:
http://www.alarabiya.net/views/2005/12/27/19846.html

14. Bram Janssen and Susannah George, Kurdish forces just cut off one of ISIS' most important supply routes, Associated Press, Nov. 12, 2015, on the website:
http://www.businessinsider.com/kurdish-forces-cut-off-important-isis-sinjar-supply-route-2015-11

١٥. شەڕ لە نێوان یەبەشە و هێزی پێشمەرگەی رۆژئاوا ڕوویدا، لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.nrttv.com/Details.aspx?Jimare=64051

16. 16- Battle to recapture Shengal (Sinjar) has started – Jonathan Krohn, 18 December 2014, on the website:
http://www.kurdishinstitute.be/battle-to-recapture-shengal-sinjar-has-started-jonathan-krohn/

١٧. - سەیری لینکی ئەم ڤیدیۆیە بکەن. ئێزیدخان : شەنگال موڵکی بارزانی و پارتی نییە:
https://www.youtube.com/watch?v=AoEN795G_uE

18. Why the PKK is so interested in Mosul, on the website:
Read more: http://www.al-monitor.com/pulse/originals/2016/04/turkey-iraq-syria-pkk-interest-in-mosul.html#ixzz4XW43UZu3

١٩. مەهەدی خالید خەمبار شەنگال وکۆبانێ و کەرکوک و مێژویوکی نوێ، ١١ شوباتی سالی ٢٠١٥، لەسەر پیگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.hawpshti.com/ku/?p=4341

٢٠. فەرید ئەسەسەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.nrttv.com/birura-details.aspx?Jimare=5062

21. Hasan Turunc, Turkey and Iraq, p 41-42, on the website:
http://www.lse.ac.uk/IDEAS/publications/reports/pdf/SR007/iraq.pdf

22. Birce Bora, Analysis: What is Turkey trying to achieve in Iraq?, Any attempt to change Mosul's demographic composition would be a direct threat to Turkey's security, analysts say. ‹14 October 2016, on the website:
http://www.aljazeera.com/news/2016/10/analysis-turkey-achieve-iraq-161013032856045.html

23. Zalmay Khalilzad, Are Turkey and Iraq Headed for War in Mosul?, October 20, 2016, on the website:
http://nationalinterest.org/feature/are-turkey-iraq-headed-war-mosul-

٢٤. ماجد ع محمد، مواقف الجبور والتركمان مقارنة بمحور (قم)، على الموقع الاليكتروني:
http://elaph.com/Web/opinion/2016/5/1090155.html

٢٥. هوشنك بروك، حرب كردية" بالوكالة.. هل ستبدأ من سنجار، على الموقع الاليكتروني:
http://elaph.com/Web/Opinion/2016/12/1126115.html

26. Ellen R. Wald, With Iraq And Mosul, Will Iran Become An Oil Superpower?, on the website:
https://www.forbes.com/sites/ellenrwald/2016/11/16/with-iraq-and-mosul-will-iran-become-an-oil-superpower/#7528ab3f2692

27. Seth J. Frantzman, Yazidi politician in Iraq: What happened to my people was genocide, December 22, 2015, on the website:
http://www.jpost.com/Middle-East/Yazidi-politician-in-Iraq-The-international-community-has-abandoned-my-people-437978

28. Who are Kurdistan Workers' Party (PKK) rebels?‹ 4 November 2016, on the website:
http://www.bbc.com/news/world-europe-20971100

٢٩. ماسیۆ باربەر، وەرگێرانی بەهمەن ئەحمەد، پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەل کەمینە ئێزدیەکان و داهاتویان لە شەنگال، ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، مانگی نیسانی ٢٠١٧، لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی:
**http://www.sbeiy.com/Article-38606**

٣٠. - زمناکۆ ئیسماعیل، پەکەکە و پارتی و شەنگال.... ، لەسەر پێگەی ئەلیترۆنی:
http://www.nrttv.com/birura-details.aspx?Jimare=4677

٣١. پارتی داوا لە پەکەکە دەکات شەنگال چۆڵبکات و پەکەکەش ئەو داوایە ڕەتدەکاتەوە، لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.nrttv.com/Details.aspx?Jimare=56182

٣٢. سلێمان ئالیخان، پارتی.. بەردانی شەنگال و گرتنی و یەزدا، ٢٠١٧/١/١٩، لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.rudaw.net/sorani/opinion/19012017

٣٣. لە سنوری شەنگال ئالۆزی لەنێوان هێزێکی نزیك لە پارتی و پەکەکە رودەدات، لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://sbeiy.com/Article-36551

٣٤. میدیاکانی پەکەکە: سەرۆکی میت لە دهۆک لەگەڵ بارزانی و نێچیرڤان بارزانیدا کۆبووەتەوە، لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.nrttv.com/Details.aspx?Jimare=64887
٣٥. جوست هيلترمان، مخاطر عراق ما بعد "داعش، ٢٠١٦/٢٩/٩، على الموقع الاليكتروني:
http://www.nrttv.com/ar/birura-details.aspx?Jimare=3934
٣٦. مصطفى زين، كاكا والانفصال عن العراق، على الموقع الاليكتروني:
http://www.alhayat.com/m/opinion/9187017#sthash.0gfik0dK.dpbs
٣٧. میدیاکانی پارتی و پەکەکە شەڕێکی ڕاگەیاندنیان لە دژی یەکتری دەست پێکردووە، لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.nrttv.com/media-video-detail.aspx?Cor=2&Jimare=11813
٣٨. دۆخی شەنگال ئاڵۆزەو پەکەکەو پارتی سەنگەرییان لەدژی یەکتر داناوە، لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.chawdernews.com/detailnews.aspx?jimare=5711&cor=1&r
39. Iraq's Kurdish Yazidi Region Faces Poverty, 30.11.2011, on the website:
http://ekurd.net/mismas/articles/misc2011/11/kurdsiniraq141.htm
40. Mohamed Yosri ,The Battle of Mosul and the Long History of Persian-Turkish Rivalry, 28.10.2016 , on the website:
http://raseef22.com/en/politics/2016/10/28/battle-mosul-long-history-persian-turkish-rivalry/
٤١. سيناريوهات عراق ما بعد داعش في ملتقى النبأ الأسبوعي، ١٨-١٠-٢٠١٦، ، على الموقع الاليكتروني:
http://mcsr.net/news189
٤٢. توفيق السيف، مستقبل الموصل بعد <داعش>، على الموقع الاليكتروني:
http://aawsat.com/home/article/775026/%D8%AA%D9%88%D9%81%D9%8A%D9%82-
٤٣. مصطفى سعدون، ما بعد "داعش" أربعة جيوش في العراق... فهل يتقاتلون ؟، على الموقع الاليكتروني:
http://www.mustaqila.com/2016/07/%D9%85%D8%A7-%D8%A8%D8%B9%D8%AF